ئەگەر لە شوێنێک لامان بدایە (بۆ پشوو وەرگرتن)، نوێژمان نەدەکرد هەتاوەکو شتومەکەکانمان لەسەر پشتی ئاژەڵەکان دادەگرت

لە ئەنەسەوەە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر لە شوێنێک لامان بدایە (بۆ پشوو وەرگرتن)، نوێژمان نەدەکرد هەتاوەکو شتومەکەکانمان لەسەر پشتی ئاژەڵەکان دادەگرت».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: هەرچەندە هاوەڵان گرنگیان بە نوێژ دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستەوخۆ پاش بڕیاری لادان بۆ پشوو وەرگرتن شتومەکەکانیان دادەگرت لەسەر پشتی ئاژەڵەکان؛ بۆئەوەی ئاژەکانیش پشوو وەربگرن وماندووێتیان لەسەر لابچێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5999